ھەواڵگری سەربازی دەستگیرکردنی شەش تیرۆریستی راگەیاند

بەڕێوەبەرایەتی ھەواڵگری سەربازی ئەمڕۆ پێنجشەممە ، دەستگیرکردنی شەش ئەندامی چەتە تیرۆریستییەکانی داعشی لە بەغدا و ئەنبار و نەینەوا ڕاگەیاند. لە ڕاگەیەندراوەکی بەڕێوەبەرایەتی ھەواڵگری سەربازیدا ھاتووە، ”ئۆپەراسیۆنی چۆنایەتیی جیاجیا بە پێی زانیارییە ھەواڵگرییە دروستەکان لەلایەن فیرقەی سەرکردایەتی فیرقەکانی دە و شانزە و حەقدەی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی ھەواڵگری سەربازی ئەنجامدراوە و بە ھاوکاری لەگەڵ ھێزە چەکدارەکانی ئامادەبوو لە ناوچەکانی بەرپرسیارێتی، و لە ڕێگەی بەسەی وردەوە.“ لە ئەنجامدا (٦) ئەندامی باندە تیرۆریستییەکانی داعش دەستگیرکران.“ لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە، "ئەو تیرۆریستانە لەلایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە داواکراون بەپێی بڕگەکانی ماددەی (4/تیرۆر) لە قەزای ڕەمادی و فەللوجە و قەزای گەیارە و لەتیفیە"، ئاماژەی بەوەشکردووە، "دوای گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی پێویست بەرامبەریان ڕادەستی لایەنە پەیوەندیدارەکان کران".